سەرکی جڵانەوەی نەوی نوێ: حکومەتی هەرێم دەتوانێت بە داهاتی ناوخۆ موچەی فەرمانبەران دابین بکات



سەرکی جوڵانەوەی نەوی نوێ رایگەیاند، داهاتی فڕۆشتنی نەوتی قاچاغ و داهاتی ناوخۆ مانگانە سەروو 500 ملیۆن دۆلارە، بەم بڕە پارێزش حکومەتی هەرێم موچەی فەرمانبەران دابین بکات بەڵام پارتی و یەکێتی ماوەی چوار مانگ هەڕەشەیدەگرن و کەس نازانێت چی لێدەکەن.

شاسوار عەبدولواحید سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لەو تێمارکی ڤیدیۆیدا رایگەیاند، داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەئێستادا 340 ملیار دینارە، بەڵام زیاتریشە و هەندێك دەڵێن 500 ملیار دینارە و هەندێکی بە حزب دەڵێوات، بەڵام هەر 340 ملیار دینارەکەی هەژمار بکەین دەکاتە نزیکەی 250 ملیۆن دۆلار دەکات.

وتیشی، "داهاتی نەوت کەلەئێستادا 250 هەزار بەرمیل بەقاچاخ دەفرۆشرێت و داهاتی مانگانەکەی دەگاتە 500 ملیۆن دۆلار، وای دابنێن نیوەی دەڵێوات بە خەرجیەکانی و هەشتا 250 ملیۆن دۆلار دەمێنێتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "هەمو پارەی پێویست بۆ موچەی فەرمانبەران 600 ملیۆن دۆلارە، بەڵام چوار مانگە داهاتی ناوخۆ هەڵدەگیرێت و یەك دینار نەدراوە بەموچەی فەرمانبەران، لەم دەقەیەدا حکومەتی ماوەبەسەرچوی هەرێم دەتوانێت موچەی دو مانگی فەرمانبەران بدات،

ناڕەزایی هەموو مانگێك داهاتی ناوخۆ بەشی موچەی فەرمانبەران دەكات، بەڵام چوار مانگە داهاتیان كەمكردۆتەوە و ئامادەی نین موچە بدەن".

ئەوەشیخستەڕوو، "داواكارم لە هاوڵاتیان تكایە سەرەمەگرن لەفەرمانگەكان بڵێنەوەی پارەی بدەن بەم حكومەتە، هەتا ئەتوانن پارەیان مەدەنێ و ئێمەی بەڕێنماندەوە بەشی زیاتری ئەم باج و سەرانەیە هەڵدەوەشێنینەوە، بڵێە تكا ئەكەم پارەی مەدەن چونكە ئەم حكومەتە ماوەی بەسەرچوە و تەنانەت پارەكە نادەتە موچەخۆرانیش".